ئەوانەی لە دەوروبەری بۆشن کێن ؟

پرۆژەیان چیەبۆ عیراق ؟

وە کورد چۆن دەتوانی چاو لە پرۆژەکەیان بکات و بۆ بەرژەوەندی کوردستان؟

دکتۆر سەباح عەبدوللا سالح.

پرۆفیسۆری ئینگلیزی لە دانیشگای بلومسبێرگی ئەمەریکی.

ئەم نوسراوە لە کۆ نفراسێك لە 2003/9/23 لەدانیشگای بلومسبێرگی ئەمەریکی، لەسەر بارودۆخی عیراق بە ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

1

وشەیThe Neocons بە ئینگلیزی رۆژانە، یاخود مانای The Neo conservativesبە ئینگلیزی رەسمی ئێستا لە ئەمەریکا بوویتە بەشێکی سەرەکی، لە گفتوگۆی رامیاری و ئابوری و کۆمەڵاتیدا. سەر چاوەی ئەم ووشەیە، واتە موحافیزە نوێیەکان، پارتی کۆماری ئەمەریکیە.

The Republican Party ئەم پارتە، کە سیمبۆلەکەی فیلە، لە بنەڕەتەوەلە لە سەر بەرنامەیەکی موحافیزی دروست کراوە. بە رابەری ئەو پارتە حکومەت، بەتایبەتی حکومەتی ناوەندی، چەند بچوك بێ باشە، چەندە دەست نەخاتە ژیانی ئابووری و کەلتووری با شترە.

بەگوێرەی ئەو پارتە نابێ هاووڵاتیان چاوویان لەدەستی حکومەت بێت بۆ دانی مافی خوێندن و نەخۆشخانەو پێویستیەکانی تری ژیان. ئەو پارتە زیاتر لە پارتی دیموکراتەکانThe Democratic party، کە سیمبۆلەکەی کەرە، لە کۆنەوە لەو گروپانە نزیکە کە دەیانەوی ئایینی مەسیحی دەورەکی سەرەکی هە بێ لە ژیانی رامیاری ئەمەریکی دا.

لە ساڵی 1854 دا پارتی کۆماری لەلایەن چەند سیاسیەکی دەوڵەمەند دروست کرا. مەبەستیان لە دروست کردنی ئەو پارتە ئەوە بوو کە نەهێڵن کۆیلایەتی (Slavery) لە ناوچەکانیان بڵاوبێتەوە. یەك لەوانە ئەبرەهام لنکن بوو (Abraham Lincoln) کە لە ساڵی 1860 دا هەڵبژێردرا بە سەرۆکی کۆمار. لە دوای لنکن، بە تایبە تی لە ساڵانی 1932 تاکو 1952، پارتی کۆماری بەردەوام لە دۆران بوو. لە سالی 1980، لەگەڵ هەڵبژاردنی رۆنالد رێگن (Ronald Reagan) بۆ سەرۆك کۆمار، ئەو پارتە هەستی بە زیندو بوونەوە کرد.

تاکو ئێستاش، بۆ زۆربەی کۆماریەکان، رێگن شایانی رێزو شانازییە. دوو ساڵ لە مەوبەر فرۆکەخانەی جیهانی واشنتۆن ناوەکەی کرا بە ناوی رێگن (Reagan National Airport).

ئەمرۆ کە ووشەی (The Neocons)بە کاردێ، بە شێوەیەك بەکاردێت بۆ پێناسەکردنی ئەو کۆماریانەی کە دەیانەوێ ووڵات لەسەر پرۆگرامی رێگن بروا. جۆرج بۆش (Georg W. Bush) یەکێکەلەو کۆماریانە، وە ئەم رۆ ئەو کۆماریانە رۆژانە، کۆمەڵەك لەوانە ئیدارەی کۆشکی سپی و (The Whit House) وەزارەتی بەرگری (The pentagon)بەرێوە دەبەن وە لەگەڵ زۆربەی کار بەدەستانی وەزارەتی دەرەوە دانویان پێکەوە ناکوڵێ (The State Department) .

لە ناو ئەم کۆماریانەدا، ریچارد پێرل (Richard pearl)قسەی بە سەرقسەی زۆران دەکەوێ، هەرچەندە بە شێوەکی رەسمی بە شێك نیە لە ئیدارەی بۆش. پێرل لە کاتی رێگندا یاریدەری وەزارەتی بەرگرر بوو، وە لەبەر ئەوەی پێرل بەردوام بە قسەی شەڕاوی باسی یەکیەتی سۆڤیەتی دەکرد، لەناو ئاشتی خوازانی ئەمەریکی بە ئەمیری تاریکی (The Prince of Darkness) ناوی بەسەر دابرا. تاکو مانگی 2003/7 پێرل سەرۆکی ئەنجومەنی بەرگری سیاسی بوو (Defense Policy Board Chairman) . هەرچەندە ئەو ئەنجومەنە بە شێك نیە لە ئیدارەی بوش، حکومەت باش گوێ بۆ قسەکانی شل دەکات، وەزۆر لە سیاسیەکانی ئەمەریکی لەو بروایەدانە، ئەگەر ئەو ئەنجومەنە نەبایە، بەتایبەتی پێرل، ئەوا زۆر زەحمەت بوو بۆش موافەقەتی لە سەر پرۆژەی لە ناو بردنی سەدام کردبایە.

بێجگە لە پێرل، چەند کەسانی تریش لەم ئەنجومەنە دەوریان هەیە.

جەیمس وولزی (James Woolsey) کەبۆ ماوەیەکی کورت بەرێوەبەری (CIA) بوو لە ئیدارەی کلینتۆن (Klinton)کێنەس ئەی دڵمەن (kenneth Adelman) کە وەختی خۆی لەگەڵ رێگن و فۆرد (Gerald Ford) ئیشی دەکرد. ئێستاش شانۆگەریەکانی شکسپیر بە کار دەهێنێ بۆ روون کردنەوەی مەسەلە سیاسییەکان. (www. moversandshakespeares. com) . پۆڵ ولفوویتز (Paul Wolfowitz)کە ئێستا یاریدەدەری وەزارەتی بەرگریە وە بۆش باش گوێ لە بۆچونەکانی دەگری، وە لەپاش پێرل دەژمێردرێ بەدروست کەری سیاسەتی ئێستای ئەمەریکی دەربارەی عێراق.

(ئەوەی شایانی باسە، ولفووتز هەمان کاربەدەست بوو لە ئیدارەی باوکی بۆش، وە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ راوەستانی شەری 1991 نەبوو وە بەردەوام داوای لە ناو بردنی ڕژێمی
سەدامی دەکرد.) (Douglas Faith)کە ئێستا یاریدەری دووەمی وەزارەتی بەرگریەو وە لێپرساوی ئاوەدان کردنەوەی عێراقە.
لویس لبی (Lewis Libby) کە لێپرساوی مەکتەبی
جێگری سەرۆك کۆمارە، دیك چەینی (Dick cheney) .
لە وەزارەتی دەرەوە تەنها دوو کەس لە ناو دەسەڵات دارەکان بیرو باوەڕیانوەکو بیرو باوەڕی
پێرل و گروپەکەیە. یەك لەوانە جۆن بۆڵتن ە (John Bolton) کە یەکێکە لە یاریدەدەرانی
وەزارەتی دەرەوە، ئەوی تریش ستیڤن هادلی ە (stephen Hadley) کە یەکێکە لە ڕاوێژکارەکانی
وە زارەتی دەرە.
بێجگە لە بارەی ئایدیۆلۆجیەوە، ئەو گروپە لەچەند لایەکی تریشەوە لە گەڵ یەك تێکڵاون.
ولفوویتزو وولزی زۆر لە مێژە برادەرن، چەند ساڵە جیرانی یەکن لە ناوچەی شەڤی چەیس
(Chevy Chase) لە وولایەتی مەریلاند (Mariyland)نزیك واشنتۆن. ئەوانەچەندەها ساڵ
لەگەڵ پێرل ئیشیان کردوە لە وەزارەتی بەرگری. فەیش زۆرتر لە سەردەستی پێرل پەروەردە بووە. ئەی دلمەن لەکۆنەوە برادەرە
لەگەڵ ولفووتیزو وولزیو پێرل، هەروەها زۆر نزیکە لە وەزیری
بەرگری دانەڵد رەمیسفێڵد (Donald Rumsfield)وە چەینی. چەینی و ئەی دڵمەن بەیەك ڕۆژ
ژنیان هێناوە، وە هەموو ساڵ هەر دوو ژنو مێرد وێکەوە ئاهەنگی یادکردنەوە دەگێرن. هە روەها
ئەی دڵمەن و خێزانی زوو زوو دەچنە ماڵی رەمسفێڵد بە مێوانی. بۆلتن بەیارمەتی ئەو گروپە کرا بە یاریدەدەری وەزیری
دەرەوە، هەرچەند کولن پاوڵ (Colin Powell)ڕاشی لە سەر نەبوو.
لەلایەن پەروەردەی زانستیانەوە، پێرل و ولفووتیزو وولزی ئەوانەهەرسێ کیان پێکەوە قوتابی بوون لە دانیشگای شیکاگۆ (University of chicago)، وە لەوێ هەرسێ کیان کەوتونەتە ژێر کاریگەری پرۆفیسۆر ئەلبەرت ولستێتەر (Albert Wohlstetter) .
ولفووتیز بروانامەی دکتۆرای لە ژێر دەستی پرۆفیسۆرە تەواوکردوە، وەئەو سێ یە گە لێك جار بە میوانی چووین بۆ ماڵی
ولستێتەر. یەك لە بیروباوەرەکانی ئەو پرۆفیسۆرە، کە بە ڕەزامەندیئەێ سێ یە بوو،
ئەوە بوو کە ئەمە ریکا دەبی بەردەوام ئامادەبێ بۆ بەکارهێنانی چەکی نەوەوی. چونکە
تەنها بەم شێوەیە ئەمەریکا دەتوانێ شەڕی نەوەوی موستەحیل بکات. (ئەوەی شایانی باسە سەرۆکەکانی ئەمەریکی لە ساڵانی
شەڕی سارد دا ئەو هەڵوێستە یان پەسند کرد.) هەروە ها
پرۆفیسۆر ولستێتەر، کە سێ ساڵ لەمەوبەر مرد، لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد چەلەبی زۆر برادەرایەتی هەبوو، وە بە هۆی ئەوەوە چە
لەبی برادەرایەتی لەگەڵ پێرل و وولزی و ولفووتیز پەیدا کرد. پێرل، هەروەك ئیلەزەبس دروو (Elizabeth Drew)ئاگادارمان
دەکات، کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر بوش و رەمسفیلدو چەینی. پێرڵ لەساڵی 1987 وە ئەوە هەوڵ دەدا کە لە ناو بردنی
ڕژێمی سەدام ببێت بە پرۆژەکی سەرەکی لە حساباتی ستراتیژی ئەمەریکی. لاواز کردنی یەکیەتی سۆ ڤیەت ئامانجی دووەمی
پێرل بوو، وهە لەو بارەیەوە پێرل دەستەیەکی باڵای هەبووە لە پێکهینانی قانونی جاکس- ڤانك (The Jackson- Vanik Law) ،
کە بەگوێرەی پەیوەندی ئا بووری لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتبەستراوە لەگەڵ ڕێگادانی حکومەتی
سۆڤیەت بۆ کۆچ کردنی جوولەکەکانبۆ ئیسرائیل. وە ئێستاش پێرل زۆر نزیکە لە شارۆن و پارتی لیکودی ئیسرائیلی. لێرەدا لە
ڕوانگەی منەوە ووشەی (The Neocons)بەتەواوی وەسفی پێرل و گروپەکەی ناکا. لەلایەکەوە ئەوانە، هەروەك باسم کرد، ڕاستە
بە شێکن لە ڕاستڕەوی ئەمەریکی (the Right Wing) وە زۆر نزیکن لە پەیمانگای بیرکردنەوەی ئەمەریکی کە بەردوام هەوڵ
دەدات ڕواج لۆ پرۆگرامی ئایدیۆلۆژی وئابووری پیدا بکات. (The American Enterprise Institute). هەروەها پێرڵ و گروپەکەی
ساڵی جارەك لە شاری بیڤەر کریکی ئەمەریکی
(Beaver Creek) لە وولایەتی کۆلەرادو (Colorado) کۆنفرانسێکی جیهانی ساز دەکەن بۆ خزمەت کردنی بیروباوەڕی
کۆنسەرفاتیڤەکان (موحافیزی) . بەڵام لە لایەکی ترەوە پێرل و گروپکەی بە شێوەیەکی ڕادیکالی تەماشای دنیا دەکەن، بە
تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەربارەی عێراق وکوردستان ئەوانە ئێستا ئەو جۆرە تاك و تەرایانە بهکار دەهێنن کە
لە حەفتاکاندا چەپەکان بە شێوەیەکی گشتی بهکاریان دێنا. بەڕای ئەوانەوە لە ناوبردنی سەدام شتێکی پێویست بوو نەك
تەنها لەبارەی ستراتیژیەوە کە بەرژەوەندی ئەمەریکای تێ دایە، بەڵکو هەروەها لە بارەی ئەخلاقیشەوە. بە گوێرەی پێرل
ئەمەریکا بە نەهێشتنی دکتاتۆریەت لە عێراق دا دەتوانێ لۆ دەووڵەتەکانی تر نیشان بدا کە ئەمەریکا دۆست دیموکراسیە
وەلەمەو دوا ئەمەریکا چی تر ئەو هەڵانە ناکا کە لە پەنجایەکان و شێستەکان و حەفتایەکان دەی کرد بە یارمەتی دانی
چەندەها ڕژێمی دکتاتۆری. بەگوێرەی پێرل وگروپەکەی، باشترین چار بۆ وەزعی عیراق و دەوڵەتانی تر ئەوەیەکەئەمەریکا جوان
بۆ خۆی ساغ بکاتەوە، کێن دۆست و دوژمنەکانی. بوش لە پاش 9\11 هەمان قسەی کرد کە گووتی.

(You re either with us or against us)، واته لەگەڵ ئێمەی ئان دژی ئێمەی. لێرەدا جۆرە ڕادیکالیەتەك هەیە لە پێرل وگروپەكەی كە ووشە (The Neocon) ناتوانی ڕوونی بكاتەوە، بەتایبەتی دەربارەی عێراق و كوردستان. پێرل و گروپەكەی حەز لە پرۆگرامی بچووك ناكەن.

دەربارەی عێراق، دەیانەوێ ئەو وولاتە بەش بكرێ بەگوێرەی ئەو وەزعە سیاسیەو جوغرافیەی كەلە عێراق دا هەبوو. پێش كۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی ئەو ئێستای پێك هێنا، واتە كوردستانەكی سەربەخۆ، وە كیانەكی شیعەی سەربەخۆ لە باشوور، وهە كیانەكی سونەی عەرەبی لاواز لە ناوەڕاست. پێش كارەساتی 11\9 كەس لە ئەمەریكای قسەی ئەوها بە ئاشكرا نەدەكرد. ئەم جۆرە فكرەیە باس كردنی قەدەغە بوو. بەڵام ئێستا لە زۆر لایەكەوە ئەم فكرەیە بەجدی گفتوگۆ دەكرێ. بۆ نموونە، ڕالف پیتەرز (Ralph Peters)كە جەنەڕاڵی ئەمەریكی خانەنیشینە، لە

مانگی مارتی ڕابردوو دا، لە نوسراوێكدا كەلە ڕۆژنامەی نیویورك پۆست دا (New York post) بڵاویكردەوە، دەڵێ وا بۆ ئەمەریكای جاك دەركەوت كە كورد، نەك عەرەب، نەك تورك، نەك عەجەم، جێگای متمانەیەو وە باشترین دۆستی وە باشترین دۆستی ئەمەریكایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا. جا لەبەرئەوە پیتەرز دەڵێ، پێویستە ئەمەریكا قەد چاكەی كورد لەبیرنەكا وە دوو شتی گەورە بكات.

1_ داوای لێبوردن لەكورد بكا بۆ ئەو غەدرانەی كە ئەمەریكا لە كوردی كردوە.

2_ كوردستانی عێراق بكات بە وولاتەكی سەربەخۆ لەقۆناغی یەكەم وەلە قۆناغی دووەم هەوڵ بدابۆ دروست كردنی كوردستانی گەورە، (Greater Kurdistan).

بێگومان ئەم جۆرە بیركرنەوە لەبۆشایی پەئدا نابێ. هەروەك جارلس كراوتهامەر (Charles Krauthammer) بەو دوایهغ ڕای گەیاند، كە زۆر كەس ئاگادارنیە (America is in the midst of a revolution) . ئەم شۆڕشەبەدوو قۆناغ دا دەڕوا. لەقۆناغی یەكەم دا ئەمەریكا وورده وورده ئەو جێگایانە لەئەوروپای بەجێ دێڵی كە تێ ی دا سووپای ئەمەریكی بەچاووی خراپ تەماشا دەكرێ. یەك لەو جێگایانە ئەڵمانیایە، كە نزیكەی (68) هەزار سەربازی ئەمەریكی تێ دایە.

لەلایەكەوە هێزەكی ئەوها مەسرەفی گەلەك زۆرە. لە وولا تێكی گران وەكو ئەڵمانیا .لەلایەكی دیكەوە ئەو هێزە كە لە ساڵا نی شەری سارد پێویست بوو ئێستا پێویست نیە. هەروها لە شەڕی دژی سەدام كەئەمەریكا ویستی هەندێ لەم هێزە بەڕێگای زەمینی بنێرێ بۆ عێراق، حكومەتی نەمسا بواری تێپەڕ بوونی ئەو هێزەی نەدا. ئەمەریكا (15) هەزار سەربازی تریش لە كۆریای باشوور كە خەلكی كۆریای، وەكو خەلكی ئەڵمانیای، حەزیان لێ ناكەن. لێرەدا زۆر بەجدی ئەمەریكا بیر لە گۆڕانی ئەو جێگایانە دەكاتەوە.

دوو جێگای تریش كە ئەمەریكا هەول دەدا هێزەكانی لێ دەربێنی ئایسلندەو (Iceland) توركیایە.

بنچینەكانی هەوایی ئەمەریكی لەئایسلندە ئێستا داخراون وە ئەو هێزەی لەوێ مایە بەكۆتایی ساڵ دەگەڕێنەوە بۆ ئەمەریكا.

هەروەها ئەمەریكا بەو دوایە بنكەی ئینچەرلكی (Incirlik) هەوایی لە توركیا داخست. وە پێرل و گروپەكەی ئێستا بە ئا شكرا داوا دەكەن كە ئەمەریكا هەموو جۆرە پەیوەندیەكی بەرگری لەگەڵ توركیا كۆتایی پێ بینی.

لێرە دا دیارەمەبەستی ئەمەریكای ئەوەنیە بەتەواوی ئەوروپاو كۆریا بەجێ بهێڵی، بەڵكو مەبەستی ئەوەیە جێگای نوێ بۆ هێزەكانی بدۆزێتەوە، بەتایبەتی ئەو جێگایانەی كەخەلكەكانی دوژمن داریان لەگەڵ ئەمەریكا نیە وە لە هەمان كاتیشدا وولاتی گران بەها نین. واتە لێرە دا ئەمەریكا بەتەمایە ئەوروپای كۆن (old Europ) بەجێ بهێڵێ و ڕوو لە ئەوروپای نوێ بكا، وولاتانی وەكو پۆلۆنیاو هەنگاریا و ڕۆمانیاو ئەلبانیاو چەند وولاتانی تر. وە لە هەمان كاتیشدا، هەروەك ولیەم سافایەر (William Safire)، كە ئەویش تارادەیەك نزیكە لە پێرل وگروپەكەی، باس دەكات، ئەمەریكا دەیەوێ خۆی لە توركیا دوور بكاتەوە، وە هەروەك سافایەر ڕوونی دەكاتەوە، ئەو دووركردنەوەی بەبێ نزیك بوونەوە لە كورد شتێكی موستەحیلە. واتە لێرەدا ئەمەریكا چاویلەكوردستانە، دەیەوێ پەیوەندی ستراتیژی و ئابووری وكلتوری لەگەڵ كوردستان نچەسپێنێ. حكومەتی توركیای ئاگاداری ئەو مەوزوعەیە. هەروەك سەرۆك ئەركانی سوپای توركی، جەنەڕاڵ حلمی، لە لێدوانێكی تەلەفزیۆنی بەغەمەوە گووتی! (ئەمەریكا وا خەریكە لە عێراق ئاهەنگی نان خواردن ساز بكا. هەموو لایەك مێوانن بەس توركیا نەبێت.) واتە بەلای توركەوە ئەوەی كە لە هەموان زیاتر لەو ئاهەنگەی قازانج دەكا كوردە. باڵوێزی توركی لە ئەمەریكا، لەمانگی هەشت، هەمان قسەی بە قالبەكی ڕەگەزپەرستی دوو بارەكردەوە، كە لە تەلەفزیۆن دا گووتی (وادیارەئەمەریكا لەبەر خاتری دوو مرۆڤی قەبەلی، واتە مام جلال و كاك مسعود، ئاگای لە ئێمە نەمایە) . دوور بو نەوەی ئەمەریكا لە توركیا،

هەروەك دەیڤید ئیگنتاشەس (David Ignatius) بە دلێكی نیگەرانەوەباس دەكات لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی 16-9-2003 (Washington Post)، تازە بووە شتێكی حەتمی. هەروەها دەڵێ لەو ڕۆژەی كە پارلەمانی توركی مۆڵەتی نەدا بە ئەمەریكا كە سوپایەكی بە خاكی دا تێپەڕێ،

واتە 1-3 –2003 لە و ڕۆژەدا حساب بكە ئەو پەیوەندیە ستراتیژیەی كە ئەمەریكا هەی بوو لەگەڵ توركیا بەیەكجاری كۆتایی پێ هات. وە لە ڕۆژ نامەی نیویورك پۆستی هەمان ڕۆژ دا

(Newyork Post)، ڕالف پیتەرز (Ralph Peters)دەڵێ دەبی ئێمە بە چاوی دوژمن دار، نەك برادەرانە، لەمەودوا تەماشای تورکیا بکەین.

(The Turks are our enemies، not our friends.)وە دەڵێ پێویست ناکا بەهیچ جۆرێك بواری سوپای تورکی بدەین بێتە هیچ بە شێك لە عێراق چوونکە ئەوانە ئەوەندە رقیان لە کوردە ئەگەر لۆ یان بکرێ بەرماوەکانی سەدامیش دەپارێزن بەس بۆ ئەوەی نەهێڵن کورد خاوەنی ئازادی بێت.

لە قۆ ناغی دووە م دا، هەروەك کرواتهامەر روونی دەکاتەوە ،مەبەستی ئەمەریکای ئەوەیە کە خۆی لەمەودوا باشتر ئامادە بکا بۆ ڕاگرتنو تێکشکانی دوژمنی علمانیەتو عەولەمە

(Secularism and globalization)، واتە ئسولیەتی عەرەبی و ئیسلامی (Arab-Islamic Fundamentalism). لێرەدا دوور بوونەوە لە سعودیەی، وەکو دوور بوونەوە لە تورکیای، یەکێکە لە پرۆژە سەرەکیەکانی ئیدارەی بۆش. ئەوەی شایانی باسە پێش 11-9 ئیدارەکانی ئەمەریکی، یەك لەدوای یەك، تەنها بە چاوی باشی تەما شای سعودیە یان دەکرد، وە بە هیچ جۆرێك رەخنەیان لە نیزامی سیاسی و پەروەردەی ئەو وولاتە نە دەگرت. مەسەلەکە لۆ ئەمەریکای تەنها مەسەلەی نەوت بوو. مادام سعودیە ئامادە بوو نەوت بفرۆشێ بە ئەمەریکا، سعودیەجێگای گومان نەبوو. سعودیە وەکو دۆستەکی دلسۆزی ئەمەریکا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. باڵوێزی سعودیە لە واشنتۆن، ئەمیربەندەر، لەلای حکومەت و کۆنگرێس وەکو برادەرەکی خۆشەویست حساب دەکرا. باڵوێزی وولاتانی تر هەموو حەسوودیان پێ دەبرد.

بەڵام 11-9 ئەم جۆرە پەیوەندیە تایبەی لە نێوان ئەمەریکا و سعودیە هێنایەشلۆقاندن. وورده وورده دەرکەوت کە سعودیە سامانەکی زۆر بەکار دەینی بۆ چەسپاندنی عەقیدەی وەهابی لە هەموو لایەکی ژیانەوە، وە بەردەوام هەوڵ دەدا ئەو عەقیدەیە بڵاو بکاتەوە لە وولاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا، وەتاکو رادەیەك لە ئەمەریکاش. هەروەها کەتەماشای سیستەمی پەروەردەی ئەو وولاتەیان کرد بۆیان چاك ئاشکرا بوو چۆن قوتابخانەکانیش بەشێکن لە بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ئەو جۆرە ئسولیەتە. بە گوێرەی پەیرەوی پەروەردەی ئەو وولاتە تەنها یەك دیانەت دروستە، ئەویش ئیسلامە، وە لە ناو ئیسلامیشدا، تەنها عقیدەی وەهابی ئیسلامی ڕاستە. ئەوروپاو ئەمەریکاو وولاتانی تر ئەوانە هەموویان بە کافری دەژین.

پێرل و گروپەکەی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە وولاتەك ئابەم شێوەیە قوتابیان پەروەردەبکا، ئەوە چۆن ئەو وولاتە دەبیتە دۆستی ئەمەریکا. بەلایانەوە ئەم وولاتە، مادام دوژمنی علمانیەتە، ئەو وولاتە دوژمنی سەربەستی مێشکە، مادام دوژمنی عەولەمەیە، مادام دوژمنی علمانیەتە، ئەو وولاتە دوژمنی ئەمەریکایە. ئێستا لە ئەمەریکا لە ناو زۆر کەس ئەو قەناعەتە پەیدا بووە کە سعودیە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئسولیەتی عەرەبی و ئیسلامیە. لۆیێ دوور کەوتنەوە لە سعودیەی ئێستا بوویتە بەندەکی سەرەکی لە حساباتی ستراتیجی ئەمەریکی.

لێرەدا، هەروەك پێرل و گروپەکەی زۆر جار لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە باس دەکەن، بەربەرەکانی کردنی ئسولیەتی عەرەبی و ئیسلامی تەنها بە چەکی کلاسیکی ناکرێ، بەلکو پێویستی بە بڵاو کردنەوەی دیموکراسی یش هەیە لە ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەررست دا. لێرەدا، مەبەستی ئەمەریکای ئەوەیە زروفەکی سیاسی وا لەو وولاتانە دروست بکا کە هاووڵاتیان بە هیچ جۆرێك لەحکومەت و دیانەت نەترسێ وە چی تر نەدیانەت نەحکومەت بتوانێ بیر کردنەوە قەدەغەبکات یاخۆت هەندێك خوێندنەوە لەسەر میللەت فەرز بکا وەهەندێکی دیکە قەدەغە بکا. ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە ئەم پرۆژەیە بێنێتەکار لە عێراق، وە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، لەوێوە بۆ وولاتانی دراوسێ بنێرێ. هەروەك وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکی هێنری کیسنجەر (Henry Kissinger)لە کۆتایی کتێبی، بە ناوی (crisis)، واتە تەنگ وچەلەمە، روونی دەکاتەوە، بەرنامەجی ئەمەریکای لە عێراق کۆتایی نابێ. لە عێراق دەست پێ دەکا

بەڵام ئامانجمان ئەوەیە ئەو ئەزمونە لە وولاتانی تر دووبارە بکەیەوە.

واتە لێرەدا ئەمەریکا ئێستا باش ئاگادارە کە ئسولیەتی عەرەبی و ئیسلامی پێش هەموو شتێك بریتیە لە فکرەیەك، وە وەکو هەموو جۆرە فکرەیەك تەنها بە چەك ئەو فکرەیە چارەناکرێ، بەلکو پێویستی بەمێشك گۆڕینە، بە شعور گۆڕینە، بە بیرو باوەڕ گۆڕینە. واتە تەنها فکر دەتوانێ بەربەرەکانی فکر بکا. واتە دەبی دیموکراسیەت دەورەکی سەرەکی هەبێ لەملانێ لە ناو بردنی ئسولیەتی عەرەبی و ئیسلامی. هەر چەندە زۆر کەس ئەو ملانێ یە و ئەو پرۆژەیە حساب دەکەن بە خەیالەکی ئەمەریکی، ئیدارەی بۆش زۆر بەجدی تەماشای ئەو کارە دەکا، وە هەروەکو نووسەری ئەمەریکی سی. جەی. چڤەرس (C. J. Chivers)بە دووروو درێژی بۆمان باس

دەکا، ئیدارەی بۆش چاك ئاگادارە ئەم مللانێ یە لە وانەیە تەمەنەك بخایێنێ وە پارەکی بێ حسابی دەوێ. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە زۆر بەی چەپی ئەمەریکی ئەم جۆرە پرۆژەیان بەلایەوە لە خەونەکی ئیمپریالیزمی زیاتر نیە، هەروەها بەلایانەوە ئسولیەتی عەرەبی وئیسلامی بە هیچ جۆرەك خەتەری بۆ ڕۆژ ئاوا نیە، چوونکهە بەلایانەوە ئەو ئسولیەتە پرۆژەیەکی سیاسی نیە بەلکو تەنها پرۆژەکی کلتوریە. هەر لەبەر ئەوەشا بەلای زۆربەی چەپەکانەوە، بۆش دوژمنێکی زۆر گەورەتری ئینسانیەتە لە بن لادن. نووسەری چەپ

کریستۆفەر هیچنس (Christopher Hitchens)کە ئەم قسانەی خوێندەوە لە گۆڤاری (The Nation) ، واتە نەتەوە، یەکسەر دەستیکێشاوە لەم گۆڤارەدا، پاش 21 ساڵ لەم گۆڤارە ئیشی کرد. هەروەها، ئێستا زۆربەی چەپ، تاك وتەرا حوکم دانەکانیان لە سەر وەزعی عێراق، بەیەکجاری وازیان لە زمانەکی رادیکالی هێناوە. یەك لەدوای یەك بەزمانی موحافیزی لە وەزعی عێراق دەدوێن. لەناو ئەو زمانەدا خەلکی عێراق ڕادەی خوێندەواری و روشەنبیریان

نەگەیشتیتە ئەو قۆناغەی بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ دیموکراسی. پێرل وگروپەکەی هیوایان

ئەوەیە بەم زوانە بۆ چەپ ساغ بکەنەوە کە لێرەشدا هەڵەن. هەروەك کیسنجەر بەم زوانە لە

دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی دا گووتی (دەبێ ئێمە پاش دوو سێ ساڵ نیشانی هەموو لایەك بدەین کە دیموکراسی لە وولاتەکی وەکو عێراق دەچەسپێنرێ.)

لێرەدا لەدیدی منەوە خاڵی سەرەکی ئەوەنیە ئایا دیمکراسی دەست دەدا یان نا بۆ عێراق. مادام

ئەمەریکا خۆی تەعین کردیە بەمامانی ئەو وولاتە وهە مادام تازە ئەمەریکا بوویتە بە شەکی

سەرەکی لە واقیعی عێراق جۆرە دیموکراسیەتەك حەتمەن لە عێراق پەیدا دەبێت.

جار لەبەر ئەوە بەرای منەوە ئەوانەی خوارەوە چە ند پەندەکی سەرەکین:

1- پرۆژەی دیموکراسی لەعێراق ئەوەمان نیشان دەدا کە ئەمەریکا خەریکە بەتەواوی سیاسەتی خۆی لە ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست بگۆڕێ. لە لەندەن جۆنس نەوهە (London Johnson)

تاکو بل کلنتۆن (Bill Clinton) ئیدارەکانی ئەمەریکی ئەم ناو چەیان حساب دەکرد بە ناوجەکی عەرەبی و تورکی و ئیسرائیلی. کورد بەهیچ حساب نەدەکرا. لە وەزارەتی دەرەوە، ئەوانەی کەپێیان دەگوترێ (Arabists)، واتە ئەوانەی لای عەرەب دەگرن. کە تەماشای ئەو ناوچەیان دەکرد، لە گرفتی عەرەب و ئیسرائیلیان هیچ گرفتێکی تریان ندەدیت، وە بەلایانەوە تەنها ئەو قەزیە شایانی چارەکردن بوو. لە17-9-2003، سەرۆکی پێشو جمی کارتەر (Jimmy Carter) لە دوانێکی تەلەفزۆنی دا کەڕەزامەندی خۆی دەربڕی دەربارەی چوونی ئەمەریکا بۆ عێراق، هەمان هەڵوێستی دوو بارە کردەوە کە گووتی (پێش هەموو شتێك ئێمە پێوستە دڵی عەرەب رازی بکەین. کەچی بۆش بەگرتنی عێراق زۆر بەی عەرەب وموسلمانی کردە دوژمنی ئەمەریکا) . تاکو 11-9 بەردی بناغەی سیاسەتی ئەمەریکی لەم ناوچەیە، هەروەك قسەکانی

کارتەر روونی دەکاتەوە، بریتی بوو لە بیرۆکەی ئاسایش (stability)، واتە پڕ بەدڵ ئەمەریکا لەگەڵ ئەو وەزعە سیاسیەو جوغرافییەی بوو کەئیستعماری فەرەنسی و بەریتانی لەم ناو چەدا

دروستیان کردوە لە پاش شەری جیهانی یەکەمدا. واتە ئەو غەدرەی کە ئەو وەزعە لە کوردی کردوە، بە لایانەوە شتێکی گرنگ نەبوو. وە ئەگەر جار بە جار ئەمەریکا دەی ویست لە کورد نزیك ببیتەوە ئەو نزیك بوونەوەی لە دڵپاکی نەبوو، شتێکی بەدزی بوو (Covert)وە لە قازانجی کورد نەبوو. بۆ نمونە، ئەو کیسنجەرەی کە ئێستا خۆی بە نیمچە دۆستێکی کورد حساب دەکا، لە وە ختی خۆی کە لێ ی پرسرا ئایا هەست بەتاوان باری ناکەی لەبەر ئەو خیانەتەی کە لە ساڵی 1975 لەگەڵ کوردت کرد، لە وەڵام دا نەوەکەی، بەبێ ئەوەی چاو نتروکێنێ، بە زمانەکی ساردەوە گووتی: (Covert action ought not to be mistaken for missionary work)

واتە (نابێ ئیشی بە دزی ئاڵۆز بکرێ لەگەڵ کاری خزمەت گوزاری) . ئیدارەی رۆناڵد ریگن یش

(Ronald Reagan) ، کە پێرل و گروپەکەی زۆر لێ ی نزیك بوون، هەمان سیاسەتی بەکار هێنا دەربارەی کورد. ئیدارەی ڕێگن، کە کۆڵن پاوڵ مدیری تەشریفاتی بوو، بەدزی و ئاشکرا هەوڵی دەدا کە کارە ساتەکەی هەڵە بجە ئیستفادەی ئەخلاقی و ستراتیجی بۆ کورد نەبێ.

یەکسەر (CIA)ڕاپۆرتێکی بلاو کردەوە تێ ی دا گووتی کارە ساتەکیمیاویەکەی هەڵەبجەی ئیشی ئێران بوو، نەك سەدام، وە تا ئەم ڕۆژەش ئی وەکو ئیدوەرد سەعیدی فەلەستینی- ئەمەریکی وە

چەندەهای تر ئەم درۆیەیان ڕێ راست بوو. ئەوکاتە کە مام جلال هاتە ئەمەریکا بۆ داوا کردنی

یارمەتی سیاسی دەربارەیئەم کارەساتە، لە وەزارەتی دەرەوە تقریبەن دەرکەیان لێ نەکردەوە.

ئیدارەی باوکی بۆش، وەکو ئیدارەکانی پێشتر، ئەم سیاسەتەیان دەربارەی ناوچەی ڕۆژ هەڵات بەتوندی تەبەنی کرد. چەند مانگێك پێش شەڕی کوێت، کە لە تەلەفزیۆن لێ پراسرا رات چیە بە سەدام، باوکی بۆش گووتی: (چ موشکیلەمان لەگەڵی نیە. کابرایەکی توندە لەگەڵ گەلەکەی. بەس چەند توندبێ بۆ ئێمەباشە. کۆڵن پاول یش هەمان رەئی هەبوو. لەکاتی شەڕی کوێت،

پاول کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمەریکی بوو، کە دیتی کورد خەریکی ڕاپەڕینە لە کوردستان وە شیعە خەریکی تێکدانی ڕژێمی سەدامە باشوور، یەکسەر چووەلای باوکی بۆش وە بە هاسانی باوەڕی پێکرد کەلەپاش (100) سەعات شەڕ ڕابگرێ.
هەروەك پاوڵ لە یادەوەریەکەی خۆی باس دەکا، بە باوکی بۆشی گۆت لە بەرژەوەندی ئەمەریکا نیە کورد و شیعە نفوزەکی سیاسی لە عێراق پەیدا بکا. لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا دەربارەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست،
کورد بە شێکی سەرەکیە، وههەروەکو پێرل و گروپەکەی داوا دەکەن، دەبی ئەمەریکا بەردەوام بەرژەوەندی کوردی لەبەر چاو بێت، وە پەیوەندی ئەمەریکای لەگەڵ کورد بە نهێنی نەبێ بەڵکو
بە ئاشکرا بێ، وە ئەو پەیوەندیە لە بارەی سیاسی و ستراتیجی و ئا بووری بە هێز بکرێ. لەو ڕۆژەی کە سەرۆك بوش لە تەلەفزیۆن دا گووتی: (We are working with the kurds‹ they are our allies‹ and we expect the Turks not to go into northern Iraq)
واتە: (ئێمە لەگەڵ کوردەکان پێکەوە کار دەکەین. ئەوانە هاوپەیمانیئێمەن، وە ئێمە چاوەڕوان دەکەین لە تورکیا کە نە چێتە ناو باکوری عێراق) ، لەو ڕۆژە، هەروەك چەند سیاسیەکی ئەمەریکی ڕای گەیاند، ئەمەریکا معادەلاتی ستراتیژی خۆی لە ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست بەشێوەکی بنەڕەتی گۆڕی. وە ئەو سێ سەعاتەی کە وەزیری دەرەوە کۆڵن پاوڵ بۆ سەردانی هەڵبجەی تەرخان کرد لە ڕۆژی 15-9-2003، هەروەکو ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست (Washington Post)
ئاگادارمان دەکا، ئەوە کاتەکی مێژوویی بوو هەم بۆ کورد وە هەم بۆ ئەمەریکای، وە هەر چەندە
سەردانەکەی تەنها سێ سەعات بوو، ئەو سەردانە یەکسەر کێشەی کوردی لە سەر نەخشەی جیهاندا وە کوردی کرد بە بەشێکی سەرەکی لە حساباتی ستراتیژی ئەمەریکی لە و ناوچەیەدا.

2- پرۆژەی بڵاوکردنەوەی دیمێکراسی لە عێراق جۆرهە دینامیەکی خۆی هەیە، وەکو پرۆژەیەك
کە سەروبنی تا ڕادەیەکی زۆر نازانرێ. ڕووداوەکانی ئەو چەند مانگەی، بە تایبەتی لە ناوچەی
بەغدا و تکریت و فەلوجە و نەجەف، لە پێش بینی یەکانی زۆربەی لێپرسراوەکانی ئەمەریکی نەبوو. هەر چەندە دەبوایە ئەو جۆرە کارە تیرۆریستیانەیان رەچاو کردبایە، ئێستا زۆربەی لێپسراوانی ئەمەریکی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تەنها کورد پڕ بە دڵ لەگەڵ ئەمەریکایە، هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژ لۆیان دەردەکەوێ کە کورد لەئسولیەتو رەگەز پەرستان زۆر دوورە. هەروەها
بە چاوی خۆیان دەبینن کە لە کاتێکدا کوردەکان خەریکی جۆرەها پرۆژەی ئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسینە، وە کوردستان بە شێویەکی گشتی لە وەزعەکی ئاشتیانە دەژی، لە باشوور جۆرهە ئسولیەتەك وورده وورده وا خەریکە خۆی بچەسپێنێ وە بە ناوی دینەوە چەندەها
شت لە هاووڵاتیان قەدەغە بکا، وە لە ناوەندا کوشتن و سوتاندن و تێکدان بوویتە بە شێك لە ژیانی ڕۆژانەدا. لێپسراوانی ئەمەریکی کە ئێستا تەماشای ئەو وەزعە دەکەن تەنها دڵیان بە
کوردستان خۆشە. هەروەك یەکێك لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەی نیویورك تایمز (New york Times) تۆماس فریدمەن، (Tomas Freidman) لە لێدوانەکی تەلەفزیۆنی دا باسی کرد: (کە لە چیای حەمرین تێ پەڕ دەبی هەست بەوە دەکەی کە عێراق بەجێ دێڵی. کوردستان وەکو وولاتێکی تر
دێتە بەر چاو) .

3- تا چ ڕادەیەك کورد دەتوانێ ئەو نزیك بوونەوەیە لە ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندی کورد ئیستغلال بکا ؟ لێرەدا ئەو پەیوەندیە، وەکو هەموو جۆرە پەیوەندیەکی سیاسی و ستراتیژی، هەروەك ئەمەریکیەکان خۆیان چاك ئاگادارن، دەبێ تەماشا بکرێ وەکو شەقامێکی دووسەرە کە هەم بۆ چوونە هەم بۆ هاتنە، واتە هەروەك ئەمەریکیەکان زۆر جار دەڵێن (a two-way street)، واتە پەیوەندیەك کە شتێکی لۆ هەردوو لا تێ دا بێ. لێرەدا بەکار هێنانی زمانی موعامەلەی سیاسی شتێکی ئەساسە. پێویستە کورد داوا کاریەکانی خۆیان بەبێ شەرم لە پێش ئەمەریکا دابنێن وە هەوڵ بدەن باشترین موعامەلە بکەن. ئەو جۆرە کردەوەیە لە لای ئەمەریکیان شتێکی غەریب نیە، بەلکو بە شێکە لە ژیانی سیاسی ئەو وولاتە، وە بەلایەنەوهە بەبێ ئەم جۆرە موعامەلە لە دیموکراسی یە ناتوانێ کار بکا.
لە لایەکی تریشەوە، دەبێ کورد بە چاوەکی واقعی تە ماشای ئەمەریکای بکات. ئەمەریکا ئەو درندە نیە کە شەو ڕۆژ زمانی شۆڤینی و ترسناك بۆ گەلانی ژێر دەست درستی دەکەن.
هەروەك لە هەموو وولاتێکدا، ژیانی ئادەمیزاد لە ئەمەریکاشدا بریتیە بە شێوەیەکی سەرەکی
لە ماڵ بە خێوکردن، ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانە، خڕ کردنەوەی کەمەك پارە بۆ ڕۆژانی ڕەش،
وە پاشەکەوت کردن بۆ کڕینی پارچە زەویەك یان خانووەك. چ دەخوێنیەوە، چ دەنووسی،
چ بیرو باوڕەکت هەیە کەس کاری بەسەرتەوە نیە. هەروەها لە ئەمەریکا، ئەو سەربەستیەی کە
ئیسلام لێرە هەیتی لە زۆربەی وولاتانی ئیسلامی ئەو سەربەستیەیان نیە.

لەهەمان کاتیشدا ئەمەریکا ئەو بەهەشتەنیە کە هەندەك کەس تەسوری دەکەن. لێرەش هەبوون و نەبوون هەیە، کەم و کورتی هەیە، بەدینی و بێ دینی هەیە. هەروەها هەرچەندە
زۆر کەس بە ساویلکایەتی تەسور دەکەن کە (هەمووشت) بە دەستی ئەمەریکا بێ، زۆر شت هەیە
لە دەستی ئەمەریکا نیە. واتە ئەو ئەمەریکایەی، خراپ یان باش، کە لە مێشکی زۆر کەسە،
ئەوە ئەمەریکای خەیاڵە کە سیناتۆر جۆزیف بایدن (Joseph Biden)گەڕاوە بۆ ئەمەریکا پاش سەردانەکی چەند ڕۆژەی بۆ کوردستانی باشوور چەند هەفتەیەك پێش دەست پێ کردنی شەڕ،
لە لێدوانەکی تەلەفزیۆنی دا گووتی : (کوردەکان دڵسۆزی ئێمەن وەدەبێ ئێمەش دڵسۆزی وان
بین. بەڵام ئەوانە وا تێ دەگەن کە ئەمەریکا دەتوانی هەموو گرفتەکان چارە بکا) .
لە ئەمەریکای بگەی بە شێوەیەکی واقعی ئەوەشمان لۆ روون دەکاتەوە کە لە چەرخی عەولەمە
(globaliztion) لە قازانجی هیچ گەلەك نیە دوژمنداری لەگەڵ ئەمەریکای بکات.
هەرچەندە عەولەمە، کە سەرچاوەکەی ئەمەریکایە، لە چەند لایەکەوە زۆر بەزیانە، لە چەند
لایەکی ترەوە زۆریش بە قازانجە. ئەوڕۆ لە چینەوە لۆ ئەستۆنیای، لە چینە وە لۆ ئەفریقای باشوور، لە نیوزلەندەوە بۆ ئایرلەندا هەموو حکومەتێك هەول و تەقەلای ئەوەیە لە عەولەمە ئیستفادەبکا. ئەوە دەولەتانە چاك ئاگادارن کە ئەو ڕۆ ڕۆژی ئەوە نی یە چارەنوسی نەتەوە بە قوربانی ئایدیۆلۆژیەت بکرێ، بە لکو ئەو ڕۆ ژی وەیە هەوڵ بدەی ژیانی میللەت باشترکەی،
بە کردنەوەی ڕێگاو بان، نەخۆشخانەی چاك، باخچەو کۆڵانی جوان وە بە پەیدا کردنی ئیش و
کار بۆ هاو لاتیان وە بە دانی سەر بەستی مێشك بۆ پیاو ژنان. بەنزیك بوونەوە لە ئەمەریکای، نەك بە دوژمن داری لەگەڵ ئەمەریکا، زۆربەی ئەو شتانهە لۆیان هەیە ببن بە
ڕاستی. دیموکراسیەت، وەکو عەولەمە، ئەویش کەم و کورتی خۆی هەیە. بەڵام هەروەك سەرۆك
وەزیرانی بەریتانی پێشو ونستن چیرچل (Winston Churchill) جارێك گووتی : (ئایا ئادەمیزاد هەتاکو ئێستا نیزامەکی باشتری دۆزیتەوە؟) دیارە لێرەدا مەقسەدەکەی ئەوەبوو کەتاکو ئێستا نیزامەکی باشترهە پێك نەهاتیە.
دەربارەی وەزعی کورد، یەکێك لە سوودەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە جۆرە رۆناکیەك لۆ کۆمەڵ
پەیدا دەکا، واتەنیشانمان دەدا کە مێژوو لەئاسمان دروست ناکرێ بەلکو لەعەردەوە دروست دەکرێ، لەلایەن ژن و پیاوەوە، هەژارو دەولەمەندەوە. هەروەك فەیلەسووفی ئەمەریکی هاوچەرخ ریچارد رۆرتی (Richard Rorty) بۆمان باس دەکات، یەك لە جوانیەکان دیموکراسی ئەوەیە کە یارمەتی ئادەمیزاد دەدا دوور بکەوێتەوە لە هەموو جۆرەبیروباوەڕێکی میتافیزیکی
وە وورده وورده نزیك ببێتەوە لە زمانێك کە مەسئولیاتی هاولاتیان جوان دیار دەکا وە نیشانیان
دەدا چۆن لە بەڕێوە بردنی کاروباری وولات بەشداری بکەن.
لەلایەکی ترە دیموکراسی ئەوهابەجوانی چاووی گەل دەکاتەوە کەگەل هەست دەکا بە پەیدا کردنی گومان هەر جاری گوێی لە پرۆژەی سیاسی دەبێت. واتە دیموکراسی (قودسیەت) لە
سیاسەت لادەبا، وا دەکا هاولاتیان تەماشای ئینسانەکی سیاسی بکەن نەك بۆ پەرستنی بەڵکو بۆ شی کردنەوەی، نەك بۆ وێنە هەڵگرتنی بەڵکو بۆ باران کردنی بەپرسیاران. واتە دیموکراسی
وا لە ئینسانی سیاسی دەکا واز لەو فکرەی بێنی کە گەل قەرداری ئەوە، کە گەل دەستی لە بن
سەری ئەوە، یا خۆد ئەو مامۆستای گەلە. لێرەدا دیموکراسی وا لە مرۆڤی سیاسی دەکا کە خۆی حساب بکا بە خزمەت کەری گەل (Civil Servant)، وە بەردەوام لە قسەکردن و پراکتیکی ڕۆژانە جوولانەوەی کۆمەڵایەتی ئەو ئینسانە دەبی هەوڵ بدا ئەو خاڵە بچەسپێنێ.
واتە لێرەدا دیموکراسی دەسەڵات دەدات بەگەل. دەربارەی وەزعی کورد ئەو خاڵە شتێکی زۆر سەرەکیە بە تایبەتی کە کوردو ئەمەریکی پێکەوە دادەنیشن باسی وەزعی کوردستان دەکەن.
سیاسیەکانی ئەمەریکی بەردەوام لە قسەکانیدا یەك ڕستە دووبارە دەکەنەوە : (گەلی ئەمەریکی
ئەو شتە قبول ناکا) . هەر چەندە ئەم قسە لە سەرەوە بە ساویلکە دیارن، لە ڕاستی داکردنی
ئەم جۆرە قسەیە ئەوە نیشان دەدا کە ئینسانی سیاسی دێن و دەڕۆن بەڵام گەل هەر دەمێنێ،
وە بەبێ ڕای گەل کردەوەی سیاسی شەرعیەتی تێ دا نیە. واتە لێردا ئەگەر کوردیش هەمان
تاك و تەرا بەکار بێنی ئەوە قسەکانیان لەلای ئەمریکیەکان بایەخی زیاتر دەبێ، چونکە قسەکانیان بەم شێوەیە بە میللەت پشتی قەیم دەبی. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر یشەوە لای
ئەمەریکیان زۆر خەجالەتی دەبێ بە لێپرسراوە (مەسئولی) کوردان بڵێن گوێ لە کورد مەگرن.
واتە لێرەدا دیموکراسی ئەو هێزە دەداتە کورد کە بەردەوام بەبیر ئەمەریکیەکان بینەوە،
کە لە کوردستان دا، وەکو لە ئەمەریکای دا، میللەت چ ئارەزووی هەبێ دەبێ نوێنەرەکان

هەوڵ بدەن ئەم ئارەزوو بکەن بە واقع. لێرەدا ئەمەریکا چاك ئاگادارە کە دیموکراسی لە زۆر حالات دا لە بەرژەوەندی ئەمەریکای نیە. هەر لەبەر ئەوەشە وە، لە کۆنەوە حکومەتەکانی ئەمەریکی بۆیان هاسان تر بوو لەگەڵ نیزامەکی دکتاتۆری کار بکەن نەوەك لەگەڵ نیزامەکی دیموکراتی. بەس ئەوە جاران بوو، ئێستا مادام ئەمەریکا بەزمانی دیموکراسی لەگەڵ کورد قسان دەکا، کوردیش دەبی بە هەمان زمان لەگەڵ یەکتر قسان بکەن.

بۆ ئەوەی نیشانی ئەمەریکای بدەن، کە ئێستا لە کوردستان میللەت گوێ گری زۆرە وە دیموکراسیەت ووردە ووردە لە چەسپاندنە، پێویستە لە کوردستان هەموو جۆرە ریفراندۆمێك بکرێ. پێویستە لە میللەت بپرسرێ ئایا ڕازیە بمێنێتەوە بە بەشێك لە عێراق یاخود سەر بە خۆی تەواوی دەوێ، وەڵامی میللەت چیە یەکسەر لە پێش ئەمەریکیەکان دابنرێ. ئەمەریکی پرۆگرام کراون ڕێزی ئەو جۆرە جوولانەوەیانە بگرن، وە لەلایەکی تریشەوە کوردیش هەست بە خەجاڵەتی ناکا کە شتەکی ئەوها تەبەنی بکا.

باشترین نموونە بۆ ئەو قسانە ئەوەیە کە ئەمەریکا پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکا دای نابوو ڕێگا بەسوپای تورکی بدا بێتە ناو جەرگەی کوردستانی باشوور. بەلام کە میللەتی کورد لە هەولێر سلێمانی زۆر بە توندی نارەزامەندی خۆیان نیشان دا وە ئاشکرایان کرد کە بە هەزارەها ئامادە بوون بۆ شەڕ کردن لەگەڵ سوپای تورکی، ئەمەریکا یەکسەر هەستی کرد هێنانی تورك بۆ کوردستان هەڵەیەکی زۆر گەورە دەبی. وە ئێستا لە ئیدارەی بوش کەس نیە ئاگاداری ئەو وەزعە نەبی.

هەروەها لە ساڵی 1991 دا ئەمەریکا بە هیچ جۆرێك دای نە نابوو شتێکی تایبەت بۆ کورد بکات.

کە بوش شەڕی ڕاگرت، گووتی ئامانجمان جێ بەجێ کرد، کوێتمان رزگار کرد وە ئێستاش پێو یستە بە سەر بەرزی بگەڕێنەوە وولاتی خۆمان. چەند دەنگەك گووتیان ئەدی کورد، بوش گووتی خەلکی عێراق لەمێژە شەڕی ئەهلی یان هەیە، گووتی نایێلم یەك سەربازی ئەمەریکی لە پێناوی ئەوانەوا زیانبەخش بێت. بوش ئامادە بوو پەرەیەکی نوێ هەڵ داتەوە کە میللەتی کورد دەستی کرد بە ڕاپەڕین و رووکردن بۆ ناو چیای ساردو پڕ لە بەفر. سکرتێری وەزیری دەرەوەی ئەو وەختە مارگرێت تەتوایلەر یەکسەر چووە لای جەیمس بەیکەری، گووتی (ئەو وەزعە لە باکووری عێراق وا لە تەلەفزیۆنن نیشان دەدەن، بە هەزارها ژن ومنداڵ و پیاوی کورد کەوتینە ناو چیا، ئەگەر ئێمە شتێك نەکەین بۆ یان ئەوە ئابڕوومان دەچێت) . وەزیر بەێکەر یەکسەر هەمان قسەی بە بوشی گووت، وەپاش ئەوەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی پێشو جۆن مێجەر (John Majar)هەمان قسەی بە تەلەفۆن بە بوشی گووت، ئەو جا بوش بڕیاری دا ناوچەی خەتی 36 بەسەرەوە بەتاڵ بکا لەهێزی سەدام. واتە لێرەدا جوولانەوەی ئەو وەزعەی لۆ کورد پێك هێنا. . . . . . . . . کۆتایی

سەرچاوەکان:

Albright‹ Madeleine K. Madam secretary. New York: Miramax‹ 2003
Habermas‹ Jurgen. Fundamentalism and Terror. In Philosophy in a Time of Terror. Giovanna Borradori. Chicago : University of Chicago press‹ 2003. 25_81
Chivers‹ C. J. What I Ieamed at the Jihad. Esquiree Magazine October 2003: 190-198
Chand rasekaran‹ Raliv. Powell Visits Mass Graves of Hussein s Victims. Wasington Post 15 Sept. 2003 1‹ 18.
Drew‹ Elizabeth. The Neocons in Charge. New York Review of Book 12June2003
Hitchens‹ Christopher. A Long Short war: The Postponed Liberation of Iraq. New York : Plume book‹ 2003.
Ignatius‹ David. The Turkish Card. Washington Post 16Sep. 2003:A19.
Kissinger‹ Henry Crisis:The Anatomy of Two Major Foreing Policy Crisis. New York: Simon & Schuster‹ 2003.
Does America Need a Foreign Policy? New York: Simon &Schust‹ 2001.
Krauthammer‹ Charles. The sleepy Superpower A wakes. Time Magazine 4 August 2003:76
Peters‹ Ralph Break Up Iraq Now. New York post 10 July 2003. A17.
Don t blink‹ W. new York Post 16 Seppt2003: A22.
Powell‹ Colin. My American journey. New York : Ballantine‹ 1996.
Rorty‹ Richard. Towards a Post-Metaphysical Culture. In philosophers in' Conversation. Ed. s. Phineas Upham. New York : Routledge‹ 2002.

Safire، William. Turkey s Wrong Tum. New york Times 24 March 2003: A19